# هەمووی لەبابەت پارەوەیە، پارە، پارە

**ALL ABOUT THE MONEY**

**KURDISH TRANSLATION**

ئەم پەڕاوی ڕاستییانە لەبارەی ئەو پشتیوانییە داراییەوەیە کە **دەشێت بتگرێتەوە** و ئەو بودجە پێدانەیە کە **دەتوانیت داواکاری بۆ پێشکەش بکەیت**. بۆ زانیاری زیاتر یان ئامۆژگاری، بە ژمارە تەلەفۆنی 020 8901 7017 پەیوەندی بە هێڵی ئامۆژگاری سەرپەرشتیارانەوە بکە (ڕۆژانی حەفتە، 10:30 بەیانیان – 3 پاش نیوەڕۆ) یان ئیمەیڵ بۆ advice@thewhocarestrust.org.uk بکە.

## پشتیوانی لە دەستەڵاتی خۆجێیتەوە

دەستەڵاتی خۆجێیت **ئەرکی سەرشانێتی** کە بوویتە 18 ساڵ ئەم پاڵپشتییە داراییانەی خوارەوەت بۆ فەراهەم بکات:

**بەخششی جێهێشتنی سەرپەرشتی** Leaving Care Grant **(بەشە پارەی دامەزراندنی ماڵ)** – بۆ دانانی ناوماڵت. ڕێنماییەکانی حکومەت دەڵێن ئەمە دەبێت لانی کەم 2000 پاوەند بێت.

**بونسی** 19-16 – تەمەنت لە نێوان 16-19 یە؟ خەریکی خوێندنیت؟ دەتوانیت بۆ هەر ساڵێکی خوێندن 1200 پاوەند لە کۆلێجەکەت وەربگریت.



**بونسی خوێندنی باڵا** – لە خوێندنی باڵا دەخوێنیت؟ پارەوەرگرتنێکی یەك – جارەی 2000 پاوەندی دەتگرێتەوە، بە گشتی لەماوەی خوێندنەکەتدا بە گوژمە (قیست) دەدرێت.

**شوێنی نیشتەجێبوون لەکاتی پشووی خوێندندا بۆ خوێندنی باڵا** – یان دەبێت شوێنێکت بدرێتی تیایدا بژیت یان یارمەتی بۆ دانی کرێی شوێنەکەت وەربگریت.

**پاڵپشتی بۆ تێچوونەکانی خوێندن، کەوتنە سەرکار و ڕاهێنان-** دەبێت هەموو دەستەڵاتە خۆجێیەکان سیاسەتێکی داراییان بۆ ئەوانە هەبێت کە سەرپەرشتی جێدەهێڵن و **پلانی پاتۆوەیەکەت دەبێت ئەو یارمەتییە دیاری بکات کە پێویستتە.**

## بڕە پارەی دەستگیرۆی Benefits

زۆر فاکتەر کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی ئەو پاڵپشتییە داراییانە هەیە کە دەتوانیت داوایان بکەیت و ئەو بڕەش کە وەری دەگریت. ژمێرکارانی پاڵپشتییەکان Benefit Calculators ڕێگایەکی باشە بۆ دەرهێنان و زانینی ئەوەی چی دەتگرێتەوە (شیاوی چیت) – ئەوان هەموو کارە گرانەکە دەکەن! تەماشای turn2us.org.uk و entitledto.co.uk بکە.

> پێویست ناکات بە جۆب سەنتەر Job Centre بڵێیت کە سەرپەرشتیت جێهێشتووە، بەڵام ئەگەر کردت، ئەوا دەبێت پشتیوانییەکی سەربارت بکەن.
>
> لە 2017 دا یونیڤێرسەڵ کرێدیت Universal Credit جێی پاڵپشتییە داراییە تاکەکسییەکان دەگرێتەوە بە یەك پارەدان خۆشنوودیی داراییت لەبەرچاو دەگرێت.

سێ هەرەباوترین پاڵپشتیی دارایی بۆ کەسانی لاوی سەڵت ئەمانەن:

- **بەشە پارەی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن-** ئەگەر تەمەنت لەنێوان 18-24 ساڵ بێت، خوێندنەکەت بە کاتی تەواو Full-Time نەبێت، چالاکانە بۆ کار بگەڕێیت / بۆ کارکردن لەبەر دەست بیت یان حەفتانە لە 16 کاتژمێر کەمتر کار بکەیت، ئەوا دەتوانیت حەفتانە 57.90 پاوەند وەربگریت.*
- **پاڵپشتیی داهات** – ئەگەر تەمەنت لە نێوان 16-19 ساڵ بێت و خوێندن بە کاتی تەواو Full-Time بخوێنیت و لەگەڵ ئەوەشدا باوك یان دایك بیت، لەگەڵ یەکێك لە باوانت نەژیت یان پەنابەربیت، ئەوا دەتوانیت 57.90 پاوەند وەربگریت (73.10 ئەگەر خاوەن منداڵ بیت).** **ئەوانەی سەرپەرشتییان جێهێشتووە دەتوانن تا تەمەنی 21 ساڵی بەردەوام بن لە وەرگرتنی پاڵپشتیی داهات، ئەویش ئەگەر پێش ئەوەی ببیتە 19 ساڵ داوات کردبێت و هێشتا خەریکی خوێندنیش بیت.**
- **پاڵپشتیی دارایی خانوونشینی-** ئەگەر دوور لە خێزانت بژیت، داهاتت کەم بێت و پاشەکەوتی لە 16000 پاوەن کەمترت هەبێت، ئەوا دەتوانیت یارمەتی بۆ دانی کرێ خانووەکەت وەربگریت. ئەو کەسانەی کە ناتوانن داوای ئەمە بکەن، هاووڵاتیانی یەکێتی ئەورووپا و ئەو پەناخوازانەن کە مافی مانەوە ''Leave to Remain'' یان نیە و ئەوانەن کە بەکاتی تەواو دەخوێنن (مەگەر منداڵت هەبێت، ئەوکات دەیانگرێتەوە). بڕە جیاوازەکانی ئەو پاڵپشتییە لەسەر ئەو شوێنە ڕادەوەستن کە لێی دەژیت. **ئەوانەی سەرپەرشتییان جێهێشتووە و پاڵپشتیی دارایی بۆ خانوونشینی دەیانگرێتەوە دەبێت تا تەمەنی** 22 **ساڵی بڕە پارەی پاڵپشتیی تەواوی یەك-ژووری-نووستنی بیانگرێتەوە.**
- ئەگەر پاڵپشتیی دارایی وەربگریت و هێشتا پێویستت بە یارمەتیی سەربار هەبێت، ئەوا دەتوانیت داواکاری بۆ وەرگرتنی **قەرزی بوجە کردن** Budgeting loan پێشکەش بکەیت. ئەم قەرزە سوودی لەسەر نیە، بەڵام دانەوەی لە پاڵپشتییە داراییەکانت دەبڕدرێن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: https://www.gov.uk/budgeting-loans

Care ADVICE LINE 020 7017 8901

The who CARES? Trust

Care ADVICE LINE 020 7017 8901

# بەخششەکان



هەندێك ڕێكخراو بە بەخشینی بەخشش یارمەتی ئەو كەسە لاوانە و ئەوانەی سەرپەرشتیان جێهێشتووە دەدەن كە پێویستیی داراییان هەیە. پێش ئەوەی داواكاری پێشكەش بكەیت ماڵپەڕەكان بە وردی و وریایی بخوێنەرەوە بۆ وردەكاریی تەواوی مەرجەكان بۆ زانینی ئەوەی دەتگرێتەوە یان نا – بە گشتی بەخشش تەنها كاتێك دەدرێت كە هەوڵی هەموو بژاردەكانی ترت دابێت.

**دامەزراوەی جێهێڵەرانی سەرپەرشتی The Care Leavers' Foundation**
بەخششی تا 400 پاوەن دەبەخشێت بەو كەسانەی سەرپەرشتییان جێهێشتووە كە لە تەمەنی نێوان 18-29 ساڵدان بەمەبەستی كڕینی شتی وەك كەل و پەلی ناوماڵ، خەرجی ناكاوی بژێوی، تێچوونی خوێندن، پێویستی پزیشكی ڕاهێنان و چوونە سەركار.
www.thecareleaversfoundation.org

**گروپی كاپستۆن بۆ جێهێڵەرانی سەرپەرشتی Capstone Care Leavers Trust** بەخشش بە بڕی نێوان 300 و 2000 پاوەندا دەبەخشێت بەوانەی سەرپەرشتییان جێهێشتووە و تەمەنیان لە نێوان 17-25 ساڵدایە، ئەویش بۆ كۆرسی خوێندن و تفاقی خوێندن (بە گەشتیشەوە)، وانە / تاقیكردنەوەی شۆفێری و كەل و پەلی ناوماڵ.
www.capstonecareleaverstrust.org

**بەتڵ Buttle UK** بەخششی تا 2000 پاوەند بە كەسانی لاوی تەریك كەوتوو و دوورەدەست دەدات كە تەمەنیان لە نێوان 16-20 ساڵە بۆ پشتیوانی كردنیان لە خوێندن و كەوتنە سەر كار و ڕاهێنان و دامەزراندنی ماڵ و باشتركردنی تەندروستی سۆزداری و تەنیان. داواكاییەكان دەبێت لەلایەن ڕێكخراوە خۆبەخشییەكان یان بەیاسا دامەزراوەكانەوە بە ناوی كەسە لاوەكەوە پێشكەش بكرێن.
www.buttleUK.org

**دامەزراوەی سپارك The Spark Foundation**
بەخششی تا 600 پاوەند دەبەخشێت ئەوانەی سەرپەرشتییان جێهێشتووە و تەمەنیان تا 25 ساڵە، بۆ ئەوەی ماڵی پێ دابنێن، بۆ خوێندن / كاركردن، كارامەییەكان و بایەخ پێدانەكان.
sparkfoundation.org.uk

**دامەزراوەی خێرخوازی لۆرانس ئەتوێڵ Lawrence Atwell's Charity** بەخششی بە بڕی نێوان 100 و 1500 پاوەند دەبەخشێتە كەسانی لاوی تەمەن نێوان 16-26 ساڵ بۆ یارمەتیدانیان بە دیاریكراوی لە كۆرسی ڕاهێناندا، بە كڕینی تفاق و خەرجییەكانی بژێویشەوە لەكاتی كۆرسەكە و پارەی نرخی كۆرسەكان یان ناونووسین یان تاقیكردنەوەكان.
www.theskinnerscompany.org.uk/grants-and-/trusts/lawrence-atwells-charity

**گروپی پرینس The Prince's Trust** بەخشش دەداتە كەسانی لاوی تەمەن نێوان 17-25 ساڵ كە لە 16 كاتژمێر كەمتر كار دەكەن، یان خەریكی خوێندنن بۆ ماوەی كەمتر لە 14 كاتژمێر لە حەفتەیەكدا، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات لە چوونە سەر كار، خوێندن یان ڕاهێنان؛ هەروەها قەرزیش پێشكەش دەكەن بۆ یارمەتیدان لە دامەزراندنی كار و بزنسی خۆت.
www.princes-trust.org.uk

**Turn2Us** ئامێرێكی گەڕان بۆ بەخششی لەسەر ئینتەرنێت هەیە. پۆست كۆدەكەت بنووسە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەو بەخششانەی دەتوانیت داوایان بكەیت. www.turn2us.org.uk

بۆ دانی پارەی خزمەتگوزارییەكانت تووشی تەنگی بوویت؟ هەندێك لە فەراهەمكارە گەورەكان بوجەی قەرز سڕینەوەیان هەیە. لێرەدا تەماشا بكە بزانە كام كۆمپانیا بەشدارە و چۆن دەتوانیت داواكاری پێشكەش بكەیت
www.charisgrants.com//application-forms



*تكایە تێبینی بكە: ئەم زانیارییە دەبێت وەك ڕێنمایی بەكار بێت و لەگەڵ یاسادانانی ئینگلیزی دا هاودەنگە.

* ئەمە بۆ ساڵی دارایی 17/2016 ڕاستە – بۆ زانینی تەواوی ئایا دەتكەوێت یان نا بڕوانە:
https://www.gov.uk/jobseekers-allowance/what-youll-get

** ئەمە بۆ ساڵی دارایی 17/2016 ڕاستە – بۆ زانینی تەواوی ئایا دەتكەوێت یان نا بڕوانە:
https://www.gov.uk/income-support/overview